# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٨٦) ساڵی پازدەم ١٠/ ئایار/ ٢٠١٥ زایینی ٢٠/ گوڵان/ ٢٧١٥ کوردی ٢١/ ڕەجەب/ ١٤٣٦ کۆچی

186

لەم ژمارەیەدا :

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥** ل ١

یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٩

کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ل ٥

ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٩

**بەیانی ساڵی ٢٠١٥ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان** ل ٢٩

http//: www.mojkurdistan.com

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٨٦) السنة الخامس عشرة ١٠ / أيار / ٢٠١٥ميلادي ٢٠/ گولان/ ٢٧١٥كوردي ٢١/ رجب/ ١٤٣٦هجري

# 186

## في هذا العدد:

**قانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٥** ص ٣٠

قانون صندوق كوردستان للعائدات النفطية والغازية

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٥ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٣٧

ممارسة الأجانب العمل في إقليم كوردستان- العراق

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٥ هيئة حماية و تحسين البيئة** ص ٤٦

تعليمات خاصة بالصيد وحماية الحيوانات البرية والطيور

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**بيان رقم (٣) لسنة ٢٠١٥ وزارة المالية والاقتصاد** ص ٢٩

**بيان لسنة ٢٠١٥ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين** ص ٢٩

No.: 186 Date: May , 10 , 2015 Vol.: 15

مطبعة نازة

http//: www.mojkurdistan.com

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2015**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (6) لە 1/ 2015/4 بڕیارماندا بەدەرکردنی:-**

**یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2015**

**یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی (1):**

**یەکەم: مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:**

1- **هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

2- **پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.**

3- **ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.**

4- **وەزارەت: وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم.**

5- **یاسای نەوت و گاز: یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (22)ی ساڵی 2007.**

6- **ئەنجومەن: ئەنجومەنی هەرێمی کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، کە بەپێی ماددەی (چوارەم)ی یاسای نەوت و گاز پێکهێنراوە.**

7- **سندوق: سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمدا کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دامەزراوە.**

8- **دەستە: دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمدا.**

دووەم: پێناسەکانی هاتوو لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای نەوت و گاز کە پەیوەستن بەم یاسایە بەرکار دەبن، ئەگەر ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانیدا.

## بەشی دووەم
## چوارچێوەی پیادەکردنی یاسا

**ماددەی ( 2 ):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن لەسەر:

**یەکەم:** داهاتی دارایی بە دەستهاتووی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای نەوت و گاز و یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەکان ژمارە (5)ی ساڵی 2013ی پەیوەست بە نەوت و گاز و بەرهەمەکانی و، بەپێی ئەوەی لە ماددەی (هەشتەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە و، هەر پرۆسەیەکی نەوتی و گازی کە ئەنجومەن بڕیاری لەسەر بدات.

**دووەم:** داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادی کە راستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و گاز و بەرهەمەکانی جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادیدا.

## بەشی سێیەم
## پێکهێنانی سندوق و دەستەی بەڕێوەبردنی

**ماددەی ( 3 ):**

پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (پازدەیەم) لە یاسای نەوت و گاز، سندوقێك بە ناوی (سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێم) دادەمەزرێت و، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی هەیە و، لە ڕووی ڕێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

**ماددەی ( 4 ):**

**یەکەم:** دەستەیەك بەناوی (دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان) پێکدێت و بەڕێوەبردنی سندوق لە ئەستۆ دەگرێت و مافی هەیە سەرجەم ڕەفتارکارییە یاساییەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەنجام بدات و، سەرۆکەکەی نوێنەرایەتی سندوق دەکات لە بەردەم پەرلەمان و دادگا و سەرجەم لایەنەکانی دیکە.

**دووەم:** دەستە پێك دێت لە:

1- سەرۆکی دەستە بە پلەی وەزیر.

2- جێگری سەرۆکی دەستە بە پلەی بریکاری وەزارەت.

3- بەڕێوەبەری گشتی سندوق .
4- نوێنەری وەزارەت کە شارەزایی هەبێت لە بواری نەوت و گاز و، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).
5- نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری کە شارەزایی هەبێت لە بواری دارایی و ئابووری و، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).
6- پسپۆڕێکی ئابووری و دارایی (ئەندام).
7- پسپۆڕێکی یاسایی (ئەندام).

**ماددەی ( 5 ):**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لە ماوەی (90) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایەدا هەماهەنگی بکات لەگەڵ ئەنجومەن بۆ پێشکەشکردنی کاندیدی لێهاتوو بۆ هەر یەك لەو پۆستانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**دووەم:**

1ـ ئەندامانی دەستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پاش پەسند کردنیان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (4) چوار ساڵ دادەمەزرێن و، شیاون بۆ یەکجار نوێکردنەوە بەهەمان ڕێکارە باسکراوەکان و، ئەوانەی ئەو وەزیفانەیان پڕ کردۆتەوە پاش تەواو بوونی ماوەی دیاری کراو دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان بەر لە ئەستۆ گرتنی ئەم وەزیفانە.
2ـ سەرۆکی دەستە لەبەردەم پەرلەماندا ئەم سوێندە دەخوات:
(بەخودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و سامان و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و پابەند بم بە یاسا).

**سێیەم:** مەرجە لە دامەزراندنی هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری گشتی سندوق و ئەندامانی دەستە، جگە لە نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرباری بوونی مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتییدا، بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بن لە بواری پسپۆڕی دەستە و خاوەن شارەزایی بن لە

بواری پسپۆڕی دەستە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (10) دە ساڵ بەنیسبەت سەرۆك و (7) حەوت ساڵ بەنیسبەت جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری گشتی سندوق و ئەندامەکان.

چوارەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە کەسانێك لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن بەسیفەتی راوێژکاریی دابمەزرێنێت و ماف و پابەندییەکانیان و ژمارەیان بەپێی گرێبەست و بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆی دەستە، کە ئەنجومەنی وەزیران پەسندی دەکات، دیاری دەکرێن.

**ماددەی ( 6 ):**

بەستنی کۆبوونەوەی دەستە بە ئامادەبوونی (3/2) دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکان دەردەکرێن.

**ماددەی ( 7 ):**

دەستە ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: تۆمارکردن و دۆکیومێنتکردنی سەرجەمی داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم، کە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستدەکەون لە سندوقدا، هەروەها بەڕێوەبردن و مسۆگەرکردنی گواستنەوەیان بۆ ژمێرەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، پاش ئەوەی بەپێی ماددەی (12)دوازدەمی ئەم یاسایە لەسەر پێشنیاری دەستە و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و پەسەندکردنی پەرلەمان، تەرخان دەکرێن.

دووەم: وردبینیکردنی جولەی گشت داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم لە سندوقدا بەپێی چاودێری نێوخۆیی، لەگەڵ دەرکردنی راپۆرتی مانگانە لە بارەیانەوە.

سێیەم: ساڵانە ئاشکراکردنی گشت ئەو داتایانەی تایبەتن بە ژمێرە و چالاکیەکانی سندوق دەربارەی سپاردن و راکێشان و وردبینی کردنیان بە بەکارهێنانی کۆمپانیای ژمێریاریی جیهانیی لێهاتوو متمانە پێکراو، دواتر بەرزکردنەوەی راپۆرتی ناوبەناو بۆ ئەنجومەنی وەزیران کەوا چالاکی و راپۆرتی کۆمپانیاکانی ژمێریاریی جیهانی پووخت دەکاتەوە لەگەڵ دەرخستنی راوبۆچوونی خۆی لەسەر ئەم راپۆرتانە.

چوارەم: مسۆگەرکردنی شەفافیەت و درکاندن لە پرۆسە داراییەکان لە کاتی ئەنجامدانی رێکار و پرۆسەکانی ژمێرکاری بە گوێرەی ستاندەری ژمێریاریی پەیڕەوکراوی جیهانی و ئاستی پیادەکردنیان لەسەر گشت ژمێرەکانی سندوق کە لەم یاسایەدا باسکراون.

**پێنجەم:** پێویستە لەسەر دەستە ڕاپۆرتەکانی خۆی بە شێوەی مانگانە و ساڵانەی بداتە پەرلەمان و، بۆ رای گشتی ئاشکرایان بکات.

**بەشی چوارەم**

**بەڕێوەبردنی داهاتەکانی نەوت و گاز**

**ماددەی (8):**

دەستە وەرگرتنی ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم:** کۆی داهاتە شایستە وەدەستهاتووەکانی هەرێم لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و گاز بە گوێرەی گرێبەستەکانی نەوت و گاز.

**دووەم:** سەرجەم پێبەخشین و پاداشتەکانی هاتوو لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز و مۆڵکانەکان لە کاتی شایستە بوونیاندا، لە نێوانیشیاندا پاداشتەکانی واژووکردن و بەرهەمهێنانی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و خۆماڵییەکان، پاداشتەکانی ژێرخانی ئابووری و، بڕەکانی تەرخانکراو بۆ پاراستنی ژینگە و داهاتی دیکە بە گوێرەی ئەوەی لە یاسای نەوت و گاز و یاساکانی دیکەی پەیوەندداردا هاتووە.

**سێیەم:** کۆی داهاتەکانی بەرهەمە نەوتی و گازییەکان.

**چوارەم:** داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادیی کەوا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و گاز و بەرهەمەکانیان جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادیدا.

**پێنجەم:** ئەو بڕانەی وەك شایستە بۆ هەرێم هاتوون لەوەی تایبەتە بە نەوت و گازەوە ئەویش بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەکان ژمارە (5)ی ساڵی 2013، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی (چوارەم)ی سەرەوەی ئەم ماددەیە.

**شەشەم:** ئەو داهاتانەی کە لە ئەنجامی وەبەرهێنان بەسەرمایەی سندوقەکە وەدەستدێن.

**حەوتەم:** هەر داهاتێکی تری پرۆسەی نەوت و گاز کە لەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە.

**ماددەی (9):**

**یەکەم:** ژمێرەی ئەم سندوقە ژمێرەیەکی داخراوە و خەرجی لێناکرێت تەنها بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتەکانە.

دووەم: چەند ژمێرەیەکی جۆراوجۆر بۆ سندوق دەکرێتەوە، چ بە دیناری عێراقی بێت، یان هەر دراوێکی بیانی لە لقی بانکی ناوەندیی عێراقی لە هەرێمدا، یان هەر بانکێکی دیکەی حکومی کە ئەنجومەنی وەزیران پاش پەسەندکردنی لقی بانکی ناوەندیی لە هەرێمدا هەڵیدەبژێرێت، بە مەبەستی سپاردنی گشت داهاتەکانی نەوت و گاز کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

سێیەم: پێویستە لەسەر دەستە ڕێنمایی پێویست بۆ جولاندن و سپاردنی بڕەکان لە نێوان ژمێرەکانی سەر بە سندوق پاش پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەربکات.

چوارەم: دەستە دەسەڵاتی هەیە ژمێرەیەکی تایبەت لە بانکە ئەهلیەکان بکاتەوە تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بەسەرمایەی سندوقەکە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

ماددەی (10):

وەزارەت شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا دیاری دەکات و، لەلایەن دەستەی سندوقەوە وردبینی بۆ دەکرێت و، لەلایەن ئەنجومەنەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت و، لە بودجەی ساڵانەدا تەرخانکردنی بۆ دەکرێت و، پەرلەمان پەسندی دەکات.

ماددەی (11):

سندوقێك بەناوی (سەندوقی نەوەکانی داهاتووی کوردستان) دادەمەزرێت، کە بەڕێوەبردن و دراوپێدانی بە یاسایەك ڕێکدەخرێت کە لە ماوەی (12) دوازدە مانگ تێنەپەڕێت لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایەدا دەردەکرێت، تیایدا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتە نەوتی و گازییەکانی وەرگیراو بەپێی یاسا بۆ نەوەکانی داهاتوو دەسپێردرێت و لە بودجەی ساڵانەدا جێگیر دەکرێت.

## بەشی پێنجەم
## دابەشکردنی داهاتەکانی سندوق

ماددەی (12):

یەکەم: داهاتەکانی نەوت و گاز کە لە سندوقدا دەسپێردرێن و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەرگیراون ، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەپێی مەرج و ستاندەری هاتوو لە یاسای نەوت و گازدا، پاش تەرخانکردنی ئەم بڕانە لە بودجەی ساڵانە و پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێن:

1- دراوپێدانی بودجەی گشتی بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتی ساڵانەی هەرێم.

2- ژمێرەی (سندوقی نەوەکانی داهاتوو) بەگوێرەی حوکمەکانی ماددەی (11) یازدەمی ئەم یاسایە.

3-دراوپێدانی وەزارەت پاش ڕەزامەندی ئەنجومەن بۆ پاڵپشتی کردنی ژێرخانی ئابوری کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمدا لە کاتی پێویستیدا و، قەرەبوو کردنەوەی خاوەنی ئەو زەوییانەی بۆ پڕۆسەکانی نەوت و گاز تەرخان دەکرێن و، قەرەبووکردنەوەی ئەو کەس و لایەن و موڵکانەی لە ئەنجامی پرۆسە نەوتیی و گازییەکاندا زیانیان پێ دەگات.

4- پاڵپشتیکردنی سندوقی ژینگەی دامەزراو بەپێی خاڵی (10)ی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (37) سی و حەوت یاسای نەوت و گاز.

5-دراوپێدانی ڕێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتی سندوق بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە بەپێی یاسا ڕێك دەخرێت.

6- دراوپێدانی ڕێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتی سندوق بۆ گەشە پێدانی ژێرخانی کشتوکاڵ کە بەپێی یاسا ڕێك دەخرێت.

7-تەرخانکردنی بڕی (2) دوو دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی بەرهەمهاتوو وەك پترۆدۆلار بۆ هەر قەزایەك کە نەوتی لێ دەردەهێنرێت.

دووەم: لە سەرەتای نیوەی دووەمی هەر ساڵێکی ڕۆژ ژمێریی، وەك یەکیی داهاتەکانی نەوت و گاز و تەرخانکراوە فیعلیەکانی ژمێرەکانی سندوق ئەنجام دەدرێت و، ژمێرەکانی سندوق لەسەر ئەم بنەمایە و بەپێی یاسا و پێڕەوەکانی بنەماکانی ژمێریاری متمانە پێکراو لە هەرێمدا، ئەنجام دەدرێن.

سێیەم: کارەکانی دەستە و ژمێرەکانی سندوق ملکەچ دەبن بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم.

چوارەم: دەستە بەرپرسیارێتی خۆی بەپێی ئەو پرنسیپ و ستاندەرانەی تایبەتن بە دەسپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازییە دەرهێنکارەکانی هاتوو لە سەرچاوەی ( Extractive Industries Transparency Initiative)ی ناسراو بە (EITI) پیادە دەکات و پێویستە شیاو و هاوتەریب بن لەگەڵ شێوازە هەرە باشەکانی پیشەسازییە نەوتییەکان.

## بەشی شەشەم

## حوکمی کۆتایی

**ماددەی ( 13 ):**

**ئەنجومەنی وەزیران پێڕەوێك بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.**

**ماددەی ( 14 ):**

**هەیکەلی کارگێڕی سندوق بە پێی پەیڕەو دیاری دەکرێت کە بە ماوەیەك لە (45) چل و پێنج رۆژ لە رێکەوتی پێکهێنانی دەستە تێپەڕ نەکات، دەردەکرێت.**

**ماددەی ( 15 ):**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.**

**ماددەی ( 16 ):**

**ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
2015/4/30

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

**بەمەبەستی بە دامەزراوەیی کردنی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەك بێت داهاتەکانی پرۆسە نەوتی و گازییەکان بە باشترین شێوە کۆ بکرێنەوە و، پشتیوانی شەفافیەت و گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان بێت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی**

**ژمارە** 1908 **لە** 2015/4/28

**پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (23) لە یاسای کار ژمارە (71)ی ساڵی (1987) ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:**

**ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2015**

**کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ڕێککارەکان**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم : هەرێم : هەرێمی کوردستان _ عێراق.**

**دووەم : وەزارەت : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی لە هەرێم.**

**سێ یەم : وەزیر : وەزیری کار و کاروباری کۆمەلآیەتی لە هەرێم.**

**چوارەم : بیانی : هەرکەسێك کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت و ئارەزووی کارکردن بکات لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە سیفەتی کرێکار لە کەرتی تایبەت یان تێکەلاو یان هاریکاریی**

**پێنجەم :کار: هەر چالاکییەك بێت کە لەلایەن کەرتی تایبەت یان تێکەلاو یان هاریکاریی ئەنجام بدرێت .**

**شەشەم : مۆڵەتی کار : بەڵگەنامەیەکی فەرمیە لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچێت بەپێی نموونەیەك کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە و ماف دەداتە کرێکار بۆ کارکردن لە هەرێم .**

**حەفتەم : کۆمپانیای هێنانی کرێکار : هەر کۆمپانیایەکی تۆمارکراو بەشێوەیەکی فەرمی کە خاوەنەکەی کەسێکی عێراقیی دانیشتووی هەرێم بێت و ڕێپێدراو بێت لەلایەن وەزارەتەوە بە هێنانی کرێکاری بیانی لە دەرەوە بەپێی یاساکانی کارپێکراو .**

**هەشتەم :** كۆمپانیا یان پرۆژەی كارپێكەری كرێكاری بیانی : هەر كۆمپانیایەكی تۆماركراو یان پرۆژەیەكی مۆڵەت پێدراو كە كرێكاری بیانی بەكار بهێنێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەكانی كارپێكراو.

**نۆیەم :** مۆڵەتی كۆمپانیا بۆ هێنانی كرێكاری بیانی : بەڵگەنامەیەكی فەرمیە لەلایەن وەزارەتەوە دەردەكرێت بەپێی نموونەیەك كە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەكراوە و ماف دەداتە كۆمپانیای هێنەر بۆ هێنانی كرێكاری بیانی .

**دەیەم :** كاری ناومالّ : ئەو كارەی كە لەناو خێزاندا ئەنجام دەدرێت وەكو كارێكی سروشتی كە ئەندامانی خێزان خۆیان دەتوانن بیكەن وەكو كاری (خاوێن كردنەوە و چێشت لێنان و شوشتن و هی تر..) .

**یازدەهەم :** كرێكاری ناومالّ : هەر كەسێك بەكرێ گیرابێ بۆ كاری ناومالّ (كاركردن لەمالّ) لە چوارچێوەی گرێبەستی كاردا، ئەگەر هاتوو (پیاو بێ یان ژن).

**دوازدەهەم :** خاوەن مالّ : هەر كەسێكی سروشتی كە كرێكارێك بەكاردێنێ لەماڵەكەی خۆی بەرامبەر بەكرێ .

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم :** مۆڵەتی هێنانی كرێكار لەلایەن وەزیرەوە یان هەركەسێكی ڕێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە ، دەدرێتەكۆمپانیایەكە دوای دەستەبەركردنی مەرجەكانی هاتوو لەو ڕێنماییە.

**دووەم :** ماوەی مۆڵەتی هێنانی كرێكار یەك ساڵە و دەكرێت نوێ بكرێتەوە لەسەر داوای خاوەنەكەی بەلایەنی كەم مانگێك پێش بەرواری كۆتایی هاتنی ماوەكەی .

**سێیەم :** ئەم بڕە پارانە لە كۆمپانیای هێنانی كرێكاری بیانی لە هەرێم وەردەگیرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-بڕی (1,000,000) یەك ملیۆن دینار وەردەگیرێت لە بڕی پێدانی مۆڵەتی هێنانی كرێكاری بیانی.

2-بڕی (500,000) پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت لە بڕی نوێ كردنەوەی مۆڵەتەكە بۆ ماوەی ساڵێك.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: مۆڵەتی کارکردنی کرێکاری بیانی لەلایەن وەزیرەوە یان هەرکەسێکی ڕێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە ، دەدرێتە کرێکاری بیانی بەپێی مەرجەکانی هاتوو لەو ڕێنماییە.

دووەم : ماوەی مۆڵەتی کار یەك ساڵە و بەپێی پێویستی نوێ دەکرێتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مەرجانەی لەو ڕێنماییەدا هاتوون و پێویستە کەسی بیانی لە ڕێگەی خاوەنکارەکەیەوە داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی بکات بە لایەنی کەم مانگێك پێش بەرواری کۆتایی هاتنی ماوەکەی .

سێیەم: کرێکاری بیانی مافی ئەوەی نیە بچێتە سەر کار پێش بەدەست هێنانی مۆڵەتی کار کردن.

**ماددەی چوارەم :**

نابێت خاوەنکار لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو و هاریکاری , کار بە هیچ بیانییەك بکات ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی بەدەست نەهێنابێت بەپێی ئەو مەرج و ڕێککارانەی لەو ڕێنماییەدا دیاری کراون.

**ماددەی پێنجەم :**

لەکاتی رەزامەندبوون لەسەر داواکاری هێنانی کرێکاری بیانی و نوێ کردنەوەی مۆلەتی کارکردن, پێویستە رەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت :

یەکەم : پێویستی هەرێمی کوردستان بە دەستی کاری کرێکاری بیانی لە ژێر ڕۆشنایی پێویستی بازاڕی کار و داواکاری وپێداویستیەکانی هەر پارێزگایەك ، ئەویش دوای دڵنیابوون لەم داواکاریانە لەرێگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار.

دووەم: پشتگیری کردنی فەرمانگەکان و لایەنە تایبەتمەند و پەیوەندیدارەکان , وە پێشکەش کردنی بەلگەنامەی پێویست بە لاری نەبوونی کارکردنی کەسی بیانی لەناو هەرێم .

**ماددەی شەشەم :**

یەکەم : پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا و خاوەن پرۆژانەی کە کار بە کرێکاری بیانی دەکەن ، گرێبەست بکەن لەگەڵ کرێکاری بیانی کارپێکراو بەپێی یاساکانی کار و خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلایەتی کرێکاران و ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەت دەرچووە.

دووەم: گرێبەستی کار بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار نوێ دەکرێتەوە و پێڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی .

سێیەم: نابێت کۆمپانیا هیچ بڕە پارەیەك وەربگرێت لە بەرامبەر نوێکردنەوەی گرێبەستی کار.

**ماددەی حەوتەم :**

هەر کەسێکی بیانی نیشتەجێی هەرێم بێت و کارتی نیشتەجێبوونی هەبێت کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و بیەوێت لە هەرێم کار بکات پێویستە ئەم ڕێککارانەی خوارەوە بگرێتەبەر بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی کارکردن :-

یەکەم : پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار وەیان لەڕێی ئەو خاوەنکارەی کە دەیەوێت کاری پێبکات.

دووەم : پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی یاسایی کە تیایدا هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو هەرێم و نیشتەجێبوونی بە شێوەیەکی یاسایی چەسپێندرا بێت.

سێیەم : پێویستە داواکارییەکە گشت ئەو زانیارییانە لەخۆوە بگرێت کە پەیوەندیدارن بە لێهاتوویی کرێکار و پاڵپشت بێت بە بڕوانامە و بەڵگەنامەی پێویست کە ناو و ڕەگەزنامە و بەڵگەنامەی بێ تاوانی و جۆری کار و ماوەی کارکردن و ناوی خاوەنکارەکەی و ناونیشانی تەواوی تیابێت .

چوارەم : کۆمپانیا یان خاوەنکار هەڵدەستێ بە پێشکەش کردنی دەستەبەری دادی بۆ کرێکارە بیانییەکە و بەرپرسیار دەبێت لێی تا ئەو کاتەی گرێبەستی کارەکەی تەواوبێت .

**ماددەی هەشتەم :**

کۆمپانیای مۆڵەت پێدراو بۆ هێنانی کرێکاری بیانی، پێویستە بڕی (50000$) پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك دەستەبەری بانکی لە بانکە حکوومیەکان دابنێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(20000$) بیست هەزار دۆلاری ئەمریکی بەشێوەی نەختی و بڕی (30000$) سی هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك نامەی دەستەبەری (خطاب ضمان) لە ژێر ژمێرێکی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار، ئەم بڕە پارەیە خەرج دەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی پێکهێنراو بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری کار و ئەندامێتی هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران، ئەمەش لەکاتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە یاسا و ڕێنماییەکانی دەرچوو و لەکاتی پێویستدا. وە لەکاتی خەرج کردنی هەر بڕە پارەیەك لە مایەی ئاماژەپێکراو ، پێویستە لەسەر کۆمپانیا قەرەبووی ئەو بڕە بکاتەوە بۆ ژمارەی ژمێریەکە لەماوەی (15) پازدە ڕۆژدا.

**ماددەی نۆیەم :**

پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی و خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان و هوتێل وچێشتخانە پێنج ئەستێرەکان و بەرەو سەرەوە کە ئارەزوو دەکەن کار بە کرێکاری بیانی بکەن، ڕەچاوی ئەم ڕێککارانەی خوارەوە بکەن:

**یەکەم :**

أ- داواکارییەکی نووسراو پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار بکەن لە پارێزگاکان لەگەڵ لیستێکی هاوپێچ کە زانیاری تەواوی لەخۆ گرتبێت لەبارەی کرێکارە بیانیانەکان و لێهاتووییان کە دەیانەوێت بیانهێننە ناو هەرێم .

ب- هەستان بە ڕاگەیاندن بۆ دوو جار لە ماوەی (15) رۆژدا لە ڕاگەیاندنی بینراو و خوێندراو سەبارەت بە پێویستییان بە کرێکار و لەگەڵ دیاری کردنی جۆر و شوێنی پرۆژەکە وجۆری کار و بڕی کرێ و ژمارەی کرێکار و پسپۆری و لێهاتوویی داواکراو.

ج- پێشکەش کردنی دانەیەك لە کۆپی گرێبەستی کار لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان .

د- لە سەر خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان ئەوانەی کار بە کرێکاری بیانی دەکەن بڕێك پارە کە لەنێوان ($500) پێنج سەد دۆلار تا($1000) هەزار دۆلار دابنێن بۆ هەرکرێکارێك بەپێی خەرجی وڵاتەکەی وەکو بارمتە لە بانکە حکومییەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی کرێکاری بیانی و گەڕاندنەوەی بۆ وڵاتی خۆی دوای کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەی یان نوێکردنەوەکەی. وە کۆی بڕی دانراو لە ($25000) بیست و پێنج هەزار دۆلار زیاتر نەبێت.

هـ- نابێت کۆمپانیای هێنانی کرێکار, کرێکارانی بیانی بەکار بهێنێت بۆ کاری ڕۆژانە و بازرگانیان پێوە بکات.

و- نابێت خاوەن پرۆژەی وەبەرهێنان هیچ کرێکارێك بداتە هەر کۆمپانیایەك یان پرۆژەیەکی تر بەرامبەر بڕێك پارە یان هەر جۆرە قازانجێك.

دووەم : کۆمپانیا مۆڵەت پێدراوەکان و خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان ، بەرپرسن و دەستەبەرن لە کرێکارانی هێنراو لەکاتی هاتنە ژوورەوەیان بۆناوخاکی هەرێم تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی یەکجارەکی دەڕۆن .

سێیەم : ئەگەر لە گرێبەستی کار بۆ بیانی بە ڕوونی ئاماژەی پێنەکرا بێت، پێویستە لەسەر کۆمپانیا یان خاوەنکار پلیتێکی گەشتکردن لەسەر ئەرکی خۆی بداتە بیانیەکە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی

هێنراوە ئەگەر لەکارەکەی نە پچڕا بێت پێش کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەی بەهەر هۆیەکی نایاسایی.

**چوارەم :** لەکاتی مردنی کرێکاری بیانی، پێویستە لەسەر کۆمپانیا یان ئەو ماڵەی کە کار بە کرێکارە بیانیەکە دەکات:

أ- پێڕاگەیاندنی کۆمپانیای هێنەر و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار و نزیکترین بنکەی پۆلیس لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (24) کاتژمێر.

ب- لەسەر کۆمپانیای هێنەر و خاوەن پڕۆژە وەبەرهێنەرەکان پێویستە هەستن بە مامەلەکانی دەرکردنی بەڵگەنامەی کۆچکردن بۆ کرێکاری مردووە و هەروەها هەڵبستن بە ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ وولاتەکەی یان شوێنی نیشتەجێی بە پێی ڕێوڕەسمی ئاینی خۆی بە مەرجێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە لە هەرێم کاری پێدەکرێت . و ئەگەر کۆمپانیا بە ئەرکی گواستنەوەی تەرمەکە هەڵنەستا، پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە و سەندیکای کرێکاران ئەو کارە ئەنجام بدەن لەسەر بارمتەی (تأمینات) دانراوی کۆمپانیا لە بانکە حکومییەکان.

**ماددەی دەیەم :**

پێویستە لەسەر کرێکاری بیانی پابەند بێت بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم :** وازهێنان لەکار لەکاتی کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی ئەگەر نوێ نەکرایەوە.

**دووەم :** مۆڵەتەکەی ڕادەستی خاوەنکارەکەی بکات لەکاتی کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکەی یاسایی بۆ ئەوەی بگەرێندرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار.

**ماددەی یازدهەم:**

پێویستە لەسەر کۆمپانیا و پرۆژەکانی کارپێکەری کرێکاری بیانی پابەندبن بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم :** تۆمارێکی هەبێت کە زانیاری پێویستی دەربارەی کرێکارانی بیانی لەخۆوە گرتبێت.

**دووەم :** دانانی کرێکارانی خوماڵی وەك یاریدەدەری کرێکارانی بیانی, ئەوانەی کرێکاری تەکنیکین لە پرۆژەکان کە لێهاتووییەکانیان گونجاو بێت لەگەڵ لێهاتوویی کرێکارە بیانییەکان بۆ مەشق پێکردنیان لەسەر ئەو کارانە لە ماوەی کارکردنەکەیاندا .

**سێیەم :**

أ- لەکاتی گۆڕینی شوێنی کارکردنی کرێکاری بیانی پێویستە ڕەزامەندی فەرمی بەدەست بێنێ لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار و نشینگە لەگەڵ دیاری کردنی هۆی گۆڕینی شوێنەکە بەپێی مەرجەکانی یاسایی و ئەو ڕێنماییانەی کە لەم بارەیەوە دەرچوون.

ب- ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار لە کاتی وازهێنانی کرێکاری بیانی لەکارەکەی یان لەکاتی کۆتایی هاتنی ڕاژەکەی یان کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی یان بەجێ هێشتنی هەرێم ، بۆیە دەبێت مۆڵەتی کارکردنەکە بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنەکانی سەرەوە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی پچڕانی پەیوەندی پێ بدرێت بەپێی یاسا.

**ماددەی دوازدهەم :**

وەزیری کار، یان ئەو کەسەی کە ڕێپێدراوە لە لایەن وەزیرەوە بۆی هەیە :

**یەکەم:** وەستاندنی کارکردن بە (مۆڵەتی هێنانی کرێکاری بیانی)ی کۆمپانیاکان بۆ ماوەی (6) شەش مانگ لە کاتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان دوای ئاگادار کردنەوە بۆ یەك جار.

**دووەم :** سەندنەوەی (مۆڵەتی هێنانی کرێکارانی بیانی) لە کۆمپانیا دوای بەجێهێنانی بڕگەی سەرەوە لەکاتی سەرپێچی کردن یاسا و ڕێنماییەکانی دەرچوو ، و بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان ڕابگەیەنرێت کە هیچ ئەستۆپاکیەك بۆ ئەو کۆمپانیایە نەکرێت کە مۆڵەتەکەی لێ وەرگیراوە و بەرپرسیارەتی ئەو کرێکارانەی کە هێناویەتی لەئەستۆی دەمێنێت تا تەواوکردنی سەرجەم پابەندیەکانی کە لەسەریەتی ، وەیان ڕێکەوتنێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی هێنەری کرێکاری تری مۆڵەت پێدراو بکات کە هەموو کرێکارە هێنراوەکان وئەو بەرپرسیاریەتییەی کەلەسەریەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی .

**سێیەم :** سەندنەوەی مۆڵەتی پێدراو بۆ هێنانی کرێکارانی بیانی ئەگەر کۆمپانیا هەڵنەستێ بە هێنانی کرێکارانی بیانی لەماوەی (1) یەك ساڵ لە بەرواری دەرچوونی مۆڵەتەکە.

**چوارەم :** ئەو کۆمپانیایەی موڵەتی هێنانی کرێکاری بیانی لێسەنراوەتەوە بەهۆی سەرپێچیکردنی یاسا وپەیرەو وڕێنماییەکان ، مافی پێشکەشکردنی داواکاری بۆموڵەتێکی نوێ تری نیە ، تەنها دوای پێپەربوونی (1) یەك ساڵ لەو بەروارەی سەندنەوە موڵەتەکە.

**ماددەی سێزدەهەم:**

مۆڵەتی کۆمپانیا بۆ هێنانی کرێکاری بیانی هەڵدەوەشێتەوە لەکاتی داواکردنی لەلایەن کۆمپانیاوە پاش پابەند بوونی تەواوی کۆمپانیا بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و ئەستۆپاکی ، وەیان کۆمپانیایەکی تری مۆڵەت پێدراو بەڵێن بدات بە لە ئەستۆ گرتنی هەموو ئەو کرێکارانەی کە لە ئەستۆی کۆمپانیا مولەت هەڵوەشێنراوەکە دابوو بە ڕێککەوتنی لەگەڵی دا, وە لایەنی دووەم سەرجەم پابەندی و بەرپرسیارەتیەکان لەئەستۆ دەگرێت کە پەیوەندەی بەکۆمپانیا هەڵوەشێنراوەکەیە.

**ماددەی چواردەهەم :**

**یەکەم :** مۆڵەتی کارکردن هەڵدەوەشێتەوە لە هەر کاتێکدا بێت لەم بارانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر دەرکەوت زانیاری و بەڵگەنامەکان لەسەر داواکردنی مۆڵەتی کار نادروست بوون.

ب- ئەگەر بوونی کرێکاری بیانی ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی.

ج- ئەگەر خاوەنکار بەشێوەیەکی نایاسایی کۆتایی بە گرێبەستی کرێکارێکی خومالّی هێنا و کرێکارێکی بیانی لە شوێنی دانا, وە کرێکاری یەکەم هەمان لێهاتوویی و مەرجەکانی کارکردنی هەبێت کە کرێکاری دووەم هەیەتی.

**دووەم :** هەڵوەشاندنی مۆڵەت ڕێگرنیە لە ڕەوانەکردنی کرێکاری بیانی یان خاوەنکار بۆ دادگاکان ئەگەر سەلمێنرا کە هەڵساون بە یەکێك لەوسەرپێچیانەی کە لە خاڵەکانی بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتووە.

## بەشی دووەم:

## بەندە تایبەتەکان بە کرێکارانی بواری خزمەتگوزاریی ناو ماڵان

**ماددەی پازدەهەم:** پابەندبوونی کرێکاری ناو ماڵ :

**یەکەم :** پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خاوەن ماڵ داوایان دەکات کە گونجاون لەگەڵ سروشتی کارەکەی و هەروەها دژی بنچینە یاساییەکان و دابونەریتی گشتی نین.

**دووەم :** پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو ماڵەی کە کاری تێدا دەکات , و پارێزگاری کردنی کەل وپەل و نهێنییەکانی ناو ماڵەکە تەنانەت ئەگەر لەوێش نەما .

**سێیەم :** پابەند بوون بە جێنەهێشتنی ماڵەکە لە کاتەکانی کارکردندا بە بێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ .

**چوارەم :** بۆی نیە دوای کاتژمێر (10)ی شەو لە شوێنە گشتییەکان وپارك و مۆڵ بێت ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵدا نەبوو، بە هەر هۆیەك بێت.

**پێنجەم :** ئەگەر کرێکارەکە لە ماڵەکە رای کرد بێ ئەوەی خاوەن ماڵ هۆکاری ئەو راکردنە بێت ، ئەوا گشت بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی دەرەنجامی ئەو کارە دەکەونە ئەستۆی خۆی لەگەڵ تێچووەکانی گەڕانەوەی بۆ وولاتەکە.

**ماددەی شازدەهەم: بەرپرسیارێتییەکانی خاوەن ماڵ:**

**یەکەم :** خاوەن ماڵ پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی ئەو رێککارانە بەرامبەر بە کرێکاری ناوماڵ لەو بارانەی خوارەوەدا:

أ- پابەندبوون بە پێدانی کرێی مانگانەی کرێکارەکە بە پێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵیدا.

ب-هەستان بەگەیاندنی بۆ نزیکترین نەخۆشخانە لە کاتی رووداوی پێکان لەکاتی کارکردن وەیان بە هۆیەوە بۆ چارەسەرکردنی وە پێڕاگەیاندنی رووداوەکە بە (بەڕێوەبەرایەتی کار و کۆمپانیای هێنەر و نزیکترین بنکەی پۆلیس) .

ج- لە شوێنی جێنشینی بەردەوام یان کاتیی خۆی و خێزانەکەی کاری پێ دەکات و هیچ کەسێکیش بۆی نیە فەرمانی کارکردنی پێبدات جگە لە خاوەن ماڵ و ئەندامانی خێزانەکە.

د- پێدانی مافەکانی لە پشووی هەفتانە و پشووە فەرمییەکان و مۆڵەتی ساڵانەی.

ه- بە رێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و گشت پێداویستیە گونجاوەکانی کارکردن و مەرجەکانی بۆی دابین بکات و دابین کردنی گشت پێداویستیەکانی خودی کرێکارەکەش لە خۆراك و پۆشاك و خواردنەوە و تەرخانکردنی ژوورێکی تایبەتی گونجاو بۆی کە هۆکارەکانی حەوانەوە و نووستنی تێدا بێت.

و- مانگانە دوو جار، خەرجی هۆکاری پەیوەندیکردنی کرێکارەکە بە خێزانەکەی دابین بکات بە شێوەیەك کە هەر جارێك لە (20) خولەك کەمتر نەبێت، و کرێکارەکە بۆی هەیە لە سەر ئەستۆی خەرجی خۆی پەیوەندیی زیاتریش بکات.

**دووەم :** لەسەر خاوەن ماڵ ، لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکاتەوە ( بەڕێوەبەرایەتی کار و کۆمپانیای هێنەر و بەڕێوەبەرایەتی نشینگە ) لە کاتی راکردنی کرێکار یان ونبوونی ، لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (24) کاتژمێر لەو کاتەی کە بە رووداوەکە دەزانێت.

**ماددەی حەڤدەم: پابەندییەکانی کۆمپانیای هێنانی کرێکاری خزمەتگوزاریی ناوماڵان:**

**یەکەم :** کۆمپانیای هێنەر هەڵدەستێت بە ناردنی نووسراوێکی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار لە پارێزگاکان ، تێیدا داوای پێدانی ڕەزامەندی دەکات لەسەر هێنانی کرێکارانی خزمەتگوزاری ناوماڵان ، ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە لەگەڵدا هاوپێچ دەکات:

أ- وێنەیەك لە داواکاری خاوەن ماڵ کە پێشکەشی کۆمپانیای کردووە، ئەگەر زیاتر لە یەك داواکاری هەبوون ئەوا دەیانکاتە یەك لیست.

ب-وێنەیەك لە گرێبەستی هێنانی کرێکاری بیانی کە لە نێوان خاوەن ماڵ و کۆمپانیاکە ، لەگەڵ گشت پێداویستیە فەرمییەکانی کە ئاماژە پێکراوە لە (ماددەی پێنجەم/ بڕگەی دووەم) و (ماددەی حەوتەم / بڕگەی چوارەم) ی سەرەوە.

ج- وێنەیەك لە سیڤی(c.v) کرێکاری ناوماڵەکە کە تێیدا گشت زانیاری و لێهاتوویەکانی روون کرابنەوە.

گشت ئەو بەڵگەنامانەی سەرەوە لە سەر (CD) یەك دادەنرێن لەگەڵ مامەڵەکە هاوپێچ دەکرێن.

**دووەم :** لە کاتی گەیشتنی کرێکاری بیانی بۆ ناو هەرێم، پێویستە کۆمپانیای هێنەر ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات :

أ- دابین کردنی جێ و شوێنی گونجاو بۆ کرێکارەکە.

ب- ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییە پێویستەکان بۆ کرێکارەکە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی هەرێم کە باوەڕپێکراو بێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە. وە ئەگەر دەرکەوت کە نەخۆشییەکی درمی هەیە یاخود بوونی نیشانەکانی دووگیانی لە ئافرەتە کرێکارەکە ، ئەوا پێویستە کۆمپانیاکە لە ماوەی (24) کاتژمێردا بیگەڕێنێتەوە ئەو وولاتەکەی کە لێی هێنراوە.

ج- سەردانی کردنی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانی کرێکارەکە لە ماوەیەك کە لە (15) رۆژ تێنەپەڕێت، لە رۆژی گەیشتنی .

د- رادەستکردنی کرێکارەکە بۆ خاوەن ماڵ لە ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (3) رۆژ دوای گەیشتنی بۆ هەرێم دوای دڵنیابوون لە بێوەیی و ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییە پێویستەکان ، و ناکرێ بە هیچ شێوەیەك لای خۆی بیهێڵێتەوە وەیان رادەستی کەسێکی دیکەی بکات.

**سێیەم :** پێویستە لەسەر کۆمپانیای هێنەر گشت زانیاری و ئامارەکان لە بارەی کرێکارە هێنراوەکانی بداتە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار لە پارێزگاکان و بەدواداچوونی بەردەوامیان بۆ بکات .

## بەشی سێیەم:
## ئەحکامە گشتییەکان

**ماددەی هەژدەهەم :**

پێویستە پێش یەك (1) مانگ لەکۆتاییهاتنی گرێبەستەکە، بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار ئاگادار بکرێنەوە، ئەگەر بیەوێت گرێبەستەکە نوێبکاتەوە یان نوێ نەکاتەوە.

**ماددەی نۆزدەهەم:**

ماوەی گرێبەست دوو ساڵ دەبێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە و بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە و بە پێی پێویست، و نوێکردنەوەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

**یەکەم :** لە کاتی رەزامەندبوونی هەردوو لایەن (خاوەن ماڵ و کرێکار) لەسەر نوێکردنەوە، لەسەر کرێکارەکە داواکارییەك پێشکەش بکات سەبارەت بە رازیبوونی لەسەر نوێکردنەوەکە، و کۆمپانیای هێنەریش داواکاریی نوێکردنەوەکە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار دەکات لە پارێزگاکان.

**دووەم:** لە کاتی رازیبوونی هەردوو لایەنی سەرەوە لەسەر نوێکردنەوەکە ، کۆمپانیای هێنەر بۆی نییە ئەو نوێکردنەوەیە رەت بکاتەوە.

**سێ یەم:** لە کاتی پێویستی زۆر ، بەرێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەسەلاتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکە بۆماوەی یەك ساڵی تری هەیە وەکو دواترین ماوە.

**ماددەی بیستەهەم :**

نابێت کرێکار بهێندرێت و کاری پێ بکرێت تەمەنی لە (18) ساڵ کەمتر بێت .

**ماددەی بیست و یەکەم:**

ماوەی تاقی کردنەوەی کرێکار بەپێی یاسا (90) نۆهەت ڕۆژە.

**ماددەی بیست و دووەم:**

لەکاتی گواستنەوەی شوێنی کۆمپانیا بۆ شوێنێکی تر پێویستە ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کار بکرێت.

**ماددەی بیست و سێ یەم:** دابڕانی

لەکاتی رازی نەبوونی کرێکارەکە لە بەردەوام بوون بە کارکردن لە لای خاوەن ئەوماڵەی کە بەکرێی گرتووە  بە بێ بوونی هۆکارێکی رەوا و پێش تەواوبوونی گرێبەستەکەی ئەم رێ و شوێنانەی خوارەوە لەبەرامبەری دەگیرێتەبەر:

یەکەم : هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی و ناردنەوەی بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی هاتووە.

دووەم : قەدەغەکردنی هاتنی بۆ ناو هەرێم جارێکی تر لە لایەن هەر کۆمپانیایەك بێت.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

لەکاتی رەزامەند نەبوونی کرێکارەکە بە نوێ کردنەوەی گرێبەستی کۆتایی هاتووە لەگەڵ خاوەن ئەو ماڵەی کە بەکاری هێناوە بە بێ بوونی هۆکارێکی رەوا، مافی کارکردنی نیە لەلایەن هیچ خاوەن ماڵێکی تر.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

بە پێی ئەحکامی ماددەی (24/ دووەم )ی لە یاسای کاری کارپێکراو هەر لایەنێك سەرپێچی ماددەی (23) ی هەمان یاسا و ئەم رێنماییانە بکات سزا دەدرێت .

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ئەمانەی خوارەوە لە ئەحکامی ئەم رێنماییانە بەدەر دەبن و نایانگرێتەوە:

یەکەم : کرێکارانی دام و دەزگا نێودەولەتیەکان و نێردراوە دیبلۆماتکارەکان و قونسولخانە بیانیەکانی رێپێدراو لە هەرێم.

دووەم : ئەو بیانیانەی یاسا و رێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەولەتیەکان کە حکومەت لایەنێکە تیایدا رێگە پێدراون بە ئەنجامدانی کارەکانیان لە هەرێم .

سێیەم : ئەو بیانیانەی لە لای حکومەت کار دەکەن.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

رێنماییەکانی ژمارە (3) ی ساڵی (2013) هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

ئەم رێنماییە لەبەرواری بلاوکردنەوەی  لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە :** 691 **لە** 2015/4/28

**بەپێی حوکمەکانی ماددەی (10)ی لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردن ژینگە ژمارە (3)ی ساڵی 2010 و بڕگەکانی 1و2و3و5 لە ماددەی (31) و ماددەی (33) و ماددەی (45)ی لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (8)ی ساڵی 2008 ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :**

**ڕێنمایی ژمارە (** 1 **)ی ساڵی** 2015

**ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان**

**بەشی یەکەم**

## ئامانجەکان و پێناسەکان

**ماددەی ( 1 ):**

**ئامانجەکان :**

**ئامانجی ئەم رێنماییانە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:**

**1- پاراستنی سروشت و پارێزگاری کردن لە رەگەزی ئاژەڵەکان و شوێنی حەوانەوەیان .**

**2- چۆنیەتی رێگەدان بە ئەندامانی کۆمەڵەی راوچیانی کوردستان بە ئەنجامدانی راوکردن بە پێ ی ئەم مەرجانەی لەم رێنماییانەدا هاتووە .**

**ماددەی (2):**

**پێناسەکان:**

**مەبەست و واتای ئەم زاراوانەی خوارەوە لە بەرامبەریان دیاری کراوە :**

**1-ئاژەڵی کێوی : ئەو گیانلەبەرانەن کە لەسەر وشکایی دەژین وەکو شیردەرەکان و باڵندە کێویەکان کەماڵی نەکراون یا دڕندەن و ووشکاویەکان کە رۆڵی بەرچاویان هەیە لە پارێزگاری کردن لە هاوسەنگی ژینگەیی و پێداویستەکانی ژیانی مرۆڤ دابین دەکەن .**

**2- راوکردن :کردارێکە کە تێیدا مەبەست لێ ی دەستکەوتنی باڵندە و ئاژەڵە کێویەکانە ، وە ئامانج لەم رێنماییە رێکخستن و چاککردنی چڕی ئاژەڵە کێویەکان و باڵندەکانە ، وەکارکردنە بۆ بەردەوام بوونی ئەو سامانە بۆ بەکارهێنانی مادی و مەعنەوی و شارستانی و گەشتیاری و زیندەگی لەسەر بنەمای زانستی .**

**3-راوچی : ئەو کەسەیە بەیاسا رێ پێدراوە بۆ بەشداربوون لە چاودێری کردنی سامانی ئاژەڵی کێوی و جێ بەجێ کردنی پلانی راوکردن لەسەر بنەمای زانستی ژیرانە .**

**4-کۆمەڵەی راوچیان : کۆمەڵەیەکە لە لایەن کەسانی تایبەت و ئارەزوومەندانی راو دامەزراوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ چالاکیەکانیان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن .**

**5- پارێزراوی سروشتی :ئەو ناوچەیەیە کە هەموو چالاکیەکی مرۆیی تێدا قەدەغە دەکرێت بۆ پارێزگاری لە جۆرە جیاوازەکانی ئاژەڵ و باڵندە و رووەکەکان بە تایبەت ئەوانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە .**

## بەشی دووەم

## مەرجەکانی راوکردن

**ماددەی ( 3 ):**

1- بە دەسهێنانی مۆڵەتی یاسایی لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە .

2- بەکارنەهێنانی تفەنگ و تەقێنەرەوەکان بە هەموو جۆرەکانیان .

3- بەکارنەهێنانی قڕکەرەکان و ژەهرەکان .

4- بەکارنەهێنانی تەزووی کارەبا .

5- بەکارنەهێنانی ئۆتومبیل و رووناکی دەستی یان رووناکی بەهێز (بلاجیکتۆر) .

6- راو نەکردن لە ناو پارێزراوە سروشتیەکان .

7- بەکارهێنانی تفەنگی تایبەت بە راوکردن و ئەو ئاژەڵانەی راوکردنیان رێپێدراوە .

8- راونەکردن لە وەرزەکانی زاوزێ .

9- بۆ راوکردنی ئەو باڵندانەی کە لە ماددەی (8)ی ئەم رێنماییانە هاتووە تەنیا داو بەکار دەهێنرێت

10-بۆراوکردنی کەروێشك کە لە ماددەی (8)ی ئەم رێنماییانە هاتووە تەنیا تانجی (تاژی) بەکاردەهێنرێت .

11- راونەکردن لەکاتی شەو واتە ( لە پێش خۆرئاوابوون تا خۆرهەڵاتن قەدەغەیە ).

12- راونەکردن لەسەر کانیاوەکان و چەم و رووبارەکان.

**ماددەی ( 4 ):**

پاشکۆی ژمارە (1) لیستی ئاژەڵە کێویەکانە کە راوکردنیان قەدەغەیە و بڕی سزاکانیان لە کاتی راوکردنیان بەرامبەریان دیاریکراوە پاشکۆی ژمارە 2 لیستی باڵندەکێویەکانە کە راوکردنیان قەدەغەیە و بڕی سزاکانیان لە کاتی راوکردنیان بەرامبەریان دیاریکراوە.

**بەشی سێیەم**

**سەرپێچی یەکان و سزاکان**

**ماددەی ( 5 ):**

1-راوکردنی هەر جۆرێك لەو ئاژەڵ و باڵندانەی لە پاشکۆکانی 1و2 دا هاتووە پێچەوانەی ئەم رێنماییانەیە وە بڕی ئەو سزایانەیان بەسەردا دەسەپێنرێت کە لە بەرامبەریان دیاری کراوە ، جگە لەو جۆرانەی کە لە ماددەی (8)ی ئەم رێنماییانەدا هاتووە .

2- لە کاتی راوکردنی ئاژەڵی کێوی ئاوس و ئەو باڵندانەی لە حالەتی هێلکە کردن دان ، سزاکان دووبەرامبەر دەبن .

3- تێکدانی هێلانەی باڵندەکان ( بەتاڵ بێت یان هێلکە و بەچکەی تێدابێت ) قەدەغەیە ، ئەگەر روویدا نرخی باڵندەکە دەسەپێنرێت بەسەر ئەنجامدەرەکەی .

4- شکاندنی یا بەدەستهێنانی هێلکەی باڵندە وخشۆکەکان لە ناو هێلانەکانیان یان لەدەرەوەی دا قەدەغەیە ، لە کاتی روودانی دا بڕی سزاکە نرخی باڵندەکە یان خشۆکەکە دەبێت .

5-دوورکەوتنەوە لە راوی بێ سنوور (هەڕەمەکی) بۆ پارێزگاری کردن لە سەر ژینگە و ژیانی کێوی .

6-راوکردنی پڵنگ و مامز و ئاسك و ورچ و کەمتیار و جۆرەکانی تری ئاژەڵە دەگمەنەکان قەدەغەیە بۆ پاراستنی سامانی ئاژەڵی .

7- ئەوئاژەڵ و باڵندانەی کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ سروشت بە هەر هۆیەك بێت دوای ئازاد کردنیان لە لایەن راوچیەکانەوە یان گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی هەرێم ، هەمان ئەو سزایانە بەسەر سەرپێچیکارەکان دا دەسەپێنرێت کە لە بەرامبەریان دیاری کراوە لە پاشکۆی ژمارە1و2 .

8- لە کاتی دووبارەبونەوەی سەرپێچییەکان لەلایەن سەرپێچی کارانی ئەم رێنماییانە ، بڕی سزادانەکە کەلەبڕگەی (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دوو بەرامبەر دەبێت

9- هەرکەسێك لە فەرمانبەرانی ژینگە یان پێشمەرگەکانی پاراستنی ژینگە یان پۆلیسی دارستان و ژینگە راوبکات سزاکەی دوو بەرامبەر دەبێت یان لە پیشەکەی دووردەخرێتەوە

**ماددەی ( 6 ):**

**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی راوکردن**

1-ئەو کەسەی داوای مۆڵەت دەکات پێویستە ئەم پێدویستانە بهێنێت

أ-ناسنامەی باری شارستانی.

ب-رەگەزنامەی عێراقی .

ج- کارتی زانیاری .

د- پێویستە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

2-داواکاریەکە پێشکەش بە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارەکان دەکرێت.

3- پشتگیری وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو.

4- پشتگیری کۆمەڵەی ڕاوچیانی کوردستان.

5- بەڵێننامەی لەبەشی یاسایی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە بدات بۆ پابەندبوون بە رێنماییەکانی ژینگەیی .

6-رەسمی پێدانی مۆڵەتی ڕاو150,000 سەد و پەنجا هەزار دینارە.

ماددەی ( 7 ):

1- مۆڵەتەکە تەنیا بۆ یەك وەرزی ڕاوکردنە.

2- مۆڵەتەکە تەنیا بۆ یەك جۆر لە ئاژەڵی کێوی یان باڵندەیە .

3- مۆڵەتەکە لەلایەن سەرۆکی دەستە دەدرێت .

4- مۆڵەتەکە ساڵانە نویێ دەکرێتەوە .

5- رەسمی نویێ کردنەوەی مۆڵەتەکە75,000 حەفتاو پێنج هەزار دینارە

6- دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە مۆڵەت نەدات یان نویێ ی نەکاتەوە بەپێی بارودۆخی ژینگەیی باڵندەکان یان ئاژەڵە کێویەکان.

ماددەی ( 8 ):

1- راوی کەوو سوێسکە

أ- لە 6/1 تا7/1 لە هەموو ساڵێك.

ب- لە12/1 تا2/1 لە هەموو ساڵێك .

2- راوی کەروێشك 10/1 تا 2/1 لە هەموو ساڵێك.

ماددەی ( 9 ):

هەر کەسێك پێچەوانەی ئەم رێنماییانە بێت رێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیرێتەبەر.

ماددەی ( 10 ):

ئەگەر ئاژەڵی کێوی وەکو گورگ و رێوی و بەراز یان هەرگیانلەبەرێکی تر ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە سامانی ئاژەڵی یان باخچە و شینابییەکان پێویستە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان وئیدارەکانی لیێ ئاگادار بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چۆنیەتی قەدەغە کردنی یان خۆ رزگارکردن لەوئاژەڵانە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام بدرێت .

ماددەی ( 11 ):

دەست بەسەر هەموو هۆیەکان و مادەکانی بەکارهاتوو لە ڕاوکردنی ڕێپێنەدراو دەگرێت بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە .

ماددەی ( 12 ):

مۆڵەت بە راوکردنی سنووردار بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ لایەنی پەیوەندندار یان دەستەی ژینگە و فەرمانگەکانی دەدرێت .

**ماددەی ( 13 ):**

بۆ رەچاوکردنی سروتە ئایینیەکان رێگا بە مەسیحیەکان دەدرێت بە راوکردنی ژمارەیەکی سنوودار لە بەراز ساڵانە بە تایبەتی ئەوانەی زیان بە کێلگە کشتوکاڵیەکان دەگەیەنن .

**ماددەی ( 14 ):**

ئەو بڕە سزایانەی لە رەسم و غەرامەکان وەردەگیرێن لە ژمێرەی صندوقی ژینگە دادەنرێت لەرێگای فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان و ئیدارەکان یان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ی هەرێم.

**ماددەی ( 15 ):**

پێویستە لەسەر هەریەك لە(فەرماندەیی پێشمەرگەی پاراستنی ژینگە)و (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان وژینگە)رێکارە کانی بەرزەفت کردن لەگەڵ سەرپێچیکارانی ئەم رینماییانە ئەنجام بدات.

**ماددەی ( 16 ):**

جگە لەو سزایانەی لەم رێنماییانەدا باس کراون ، رێکاری یاسایی تر بەپێ ی بڕگەی یەکەم لە ماددەی **42** لە یاسای ژمارە **8**ی ساڵی **2008** بەرامبەر سەرپێچی کار دەگیرێتە بەر .

**ماددەی ( 17 ):**

کار بەم رێنماییانە دەکرێت لەرۆژی دەرچوونیەوە.

**ماددەی ( 18 ):**

ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**صمد محمد حسین**
**سەرۆکی دەستە**

**پاشکۆی ( 1 )** **ئاژەڵەکێویەکان** **الحيوانات البرية**

| ژ | ناوی کوردی<br>الاسم الكردی | ناوی عەرەبی<br>الاسم العربی | ناوی ئینگلیزی<br>الاسم الاینكلیزی | ناوی زانستی<br>الاسم العلمی | نرخی یەك دانە بەدینار<br>سعرلعدد الواحد بالدينار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **پڵنگ** | **نمر** | Leopard | Panthera pardus | **10** مليون |
| 2 | **تاژ پڵنگ** | **فهد** | Cheetah | Acinonyx jubatus | **10** مليون |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | وورچ قاوەیی | الدب البنى | Brown Bear | Ursus arctos | 10 مليون |
| 4 | وورچی رەش | الدب الاسودالاسيوى | Asian Black Bear | Ursus thibetanus | 10 مليون |
| 5 | شفر – شوکا | انثى الايل | Roe Deer | Capreolus capreolus | 10 مليون |
| 6 | ئاسك | غزال | Jebeer Gazelle | Gazella bennettii | 10 مليون |
| 7 | مامز | غزال | Goitered Gazelle | Gazella subgutturosa | 10 مليون |
| 8 | مەروبەرانی کێوی | الخروف البرى | Wild Sheep | Ovis orientalis | 10 مليون |
| 9 | کەڵ و بزنە کێوی | الماعز البرى | Wild Goat | Capara aegagrus | 10 مليون |
| 10 | پشیلەی کێوی | القط الوحشى | Wild Cat | Felis i silvestris | 1 مليون |
| 11 | پشیلەی کاراکال | القط الوشق | Caracal | Caracal caracal | 1 مليون |
| 12 | بەراز | خنزير | Wild Boar , pig | Sus scrofa | 500,000 |
| 13 | ڕێوی | ثعلب | Common Fox | Vulpes vulpes | 300.000 |
| 14 | ڕێوی بیانی | ثعلب الرمل | Sand Fox | Vulpes rueppellii | 500.000 |
| 15 | سیخور | دعاج | Indian Crected Porcupine | Hystrix indica | 200.000 |
| 16 | سمورە | سنجاب | Persian Squirrel | Sciurus anomalus | 100.000 |
| 17 | قارابشە–گورکەن | | European Badger | Meles meles | 100.000 |
| 18 | ژوژك | القنفذ | Brandts Hedgehog | Paraechinus hypomelas | 100.000 |
| 19 | کەروێشك | الارنب | European Hare | Lepus europaeus | 200.000 |
| 20 | سەگی ئاوی | الكلب المائى | European Otter | Lutra lutra | 500.000 |
| 21 | کەمتیار | ضبع | Striped Hyaena | Hyaena hyaena | 500.000 |
| 22 | گورگ | ذئب | Wolf | Canis lupus | 500.000 |
| 23 | چەقەڵ | واوى | Golden Jackal | Canis dureus | 500.000 |
| 24 | مشکی خورما | فأر التمر | Indian Grey Mongoose | Herpestesed wardsii | 200.000 |
| 25 | خشۆکەکان بە هەموو جۆرەکانی یەوە , الزواحف بانواعها | | | | 100.000 |

**پاشکۆی ( 2 )** **باڵندە کێویەکان** **الطيور البرية**

| ژ | ناوی کوردی<br>الاسم الكردى | ناوی عەرەبی<br>الاسم العربى | ناوی ئینگلیزی<br>الاسم الاينكليزى | ناوی زانستی<br>الاسم العلمى | نرخی یەك دانە بەدینار<br>سعرلعدد الواحد بالدينار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شەهێن | شاهين | Peregrrine Falcon | Falco peregrinus | 10 مليون |
| 2 | باڵەبان | الصقر الغزال | Saker Falcon | Falco cherrug | 10 مليون |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | سێ کوژە | شاهين مغربی | Barbay Falcon | Falco pelegrinoides | 10 مليون |
| 4 | لەیل | شويهين (البيق) | Hobby | Falco subbuteo | 10 مليون |
| 5 | لاجين | الصقر الحر | Lanner falcon | Falco biarmicus | 10 مليون |
| 6 | هەموو جۆرەکانی * هەلۆ * بازەکان *باشوکەکان *شەهێنەکان * دالاشەکان * شەم قارەکان* هەلۆیەکان * هەلۆی ماسی گیر<br>انواع<br>الشاهين*الصقور*النصور | | | | 10 مليون |
| 7 | شينەقورنگ | الكركی الرمادی | Common Carne | Grus grus | 3 مليون |
| 8 | چرك | حباری | Houbara Bustard | Chlamydotis undulata | 5 مليون |
| 9 | قوی بێدەنگ | التم الصامت | Mute Swan | Cygnus olor | 3 مليون |
| 10 | هەمووجۆرەکانی قوو | | | | 2 مليون |
| 11 | فلامينكو (سوورەقورينگ) | النعام الكبير | Greater Flamingo | Phoenicopterus roseus | 3 مليون |
| 12 | مريشكە كێوی | طهويج اسو قفقازی | Caucasian Black grouse | Lyrurus Mlokosiewiczi | 500.000 |
| 13 | كەڵك (سپی) | البجع الابيض | Pelican White | Pelrcanus onocrotalus | 3 مليون |
| 14 | بوكەس | الوزة الحمراء | Red brerasted Goose | Branta ruficollis | 2 مليون |
